کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-4-2007 22:37

## شاگرد و جەمشید ئەوە نەبوو... !! شەمزین کاوانی

SHEMZINKAWANI@YAHOO. COM

ماوەیەك بەر لە ئێستا لە سایتی کوردستان نیتی ئازیز بابەتێکم لە سەر ئەو کوڕە فارسە دەست کەوت پێموابوو بەنێوی (جەمشید یا زەکەریا) بوو ئەو برادەرەی ئەو بابەتەی نووسیبوو نەك هەر دەستخۆشی لی دەکەم بەڵکە هەردوو دەستەکانیشی ماچ دەکەم نەك هەر بەتەنیا لەبەر ئەوەی من ئارەزووی هونەری زەکەریای هونەرمەندی گەورە دەکەم بەڵکە لەبەر ئەوەشی داکۆکی لەهونەری کوردی کردووە و سەرزەنشتی هونەری بێگانەی کردووە دەستخۆشی لەکوردستان نیتیش دەکەم، ئەم بەیانییەش کە سەیرم کردو دیقەتم دایە وەك ئەوەی چاوەڕێی لێدەکرا ئەم کاکە ئاغای جەمشیدە بە سەبەتەیەك دۆلار بگەڕێتەوە ئەورووپاو وەك بەڕێز ئەزمرِ فەرموویەتی، ئینجا باەت یا هەواڵەی ئەمرۆش خوێندمەوە پارەی موزیکڤانەکانیشی نەداوە، بە ڕاستی عەیبە، بمبوورن لەو قسەیە بەڵام هەر هێندە وشەم دۆزیەوە بێژم عەیبە هونەرمەند دەبی تا دەگا بەنەتەوە و خەڵکی خۆی کە دەبێت لەگەڵیان ڕاستگۆ بێت، هەروا دەبێت لەگەڵ هەڤاڵەکانیشی ڕاستگۆ و ئەمانەت پارێزبێت، کەچی داخەکەم ئەوەنەبوو، خۆیشی ڕاست دەبێژێت ئەوەتا لەگۆڤاری گۆڵان ئاغای جەمشیدی بەو (مەفهومە) فەرموویەتی: من ڕاستە کەمتر گۆرانیم بەکوردی گوتووە و زیاتر بە فارسی بەڵام ئەو گۆرانیە کەمانەی کوردی مانای ئەوەیە کەکوردم... !! شتی لەو بابەتە یا بەشێوازی تر کە لەوەش زیاتر مانا دەدات کە من نووسیومە، دەشتووانن سەیری گۆڤاری گۆڵان بکەن. ئەوەش باس دەکەم ئەگەر لەقورسایی باسەکەشم کەم بێتەوە:

نیوەرۆیەك لەگەڵ برادەرێکم لەیەك لەچێشتخانەکانی هەولێر بۆ نانی نیوەرۆ ڕێم تێکەوت پاش بەخێر هێنان و چاك و چۆنی نیازمان بوو داوای شت بکەین لەبەر دەنگی تەسجیلەکە بەزەحمەت گوێمان لەیەکتربوو هەر بۆ خشی پێم وت ئەری کاکە بەدەست دەنگی جەمشید خەریکە دیق بکەین دەی هەندێك ئەو سەوتەی کەم بکەن با داوا بکەین... شاگردەکە پێکەنی و گوتی بەخوای ڕاست دەکەی مامۆستا ئەوە با پێت بڕێم ئەوی ڕۆژی لەگەر ئەو کیژە رووت و جوانانە لێرە بوو بەخوای ئەمن هەتا زەکەریا و ئی کوردی هەبن گوی لەو برادەرەی ناگرم زۆریشی تێناگەم بەرام بەخوای ڕاستیت پی بڕێم ئەمە کەس ئاگان لەخۆ نەما بوو بەخوای مامۆستا تورە نەبی ئەتوش لێرەبای لەمەت خراپتر بەسەر دەهات، پێم گوت: مەبەستت چیە لەو قسانەی دەیکەی... گوتی: مەبەستم ئەوەیە ئەو برادەرە شاگردە بەتەمەنەی خۆمان دەبینی ئەوەتا داوای لێکرد ڕەسمی لەگەر بگری ڕەفزی کرد گۆتی مەجالم نیە بەس جەرگم بەخوای کچی جوانی لەگەر بوو ئەزنەبیش بوون... ئیدی ئەو برادەرە ڕاستگۆیە وەك خۆی قسەی بۆ کردم ئێمەش بەدەم پێکەنینەوە داوای دوونەفەر قۆزیمان کرد... داخەکەم ئەمەیە کوڕی کورد زیاتر بەزمانی بێگانە گۆرانی بچڕی کەپێی وایە خزمەت بەهونەری کوردی دەکات کوڕە هەژارێکی کوردیش داوای ئەوەی لێبکات وێنەی لەگەڵ بگرێت کەچی ئەمە وەڵامی بێت.. !؟ ئاغای جەمشیدیان ئەوە نەبووی کە چاوەڕی دەکرا... !! گەرچی لە ڕێکلامەکانیش بەزەقی ئەوە بەرچاو دەکەوت کە زاگرۆس تی ڤی ئەو شاشە ڕەنگینەی کورد پەخشی دەکرد. !!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.